## له سه‌نگه‌رگیرییه‌وه به‌ره‌و سازان[1]

درێژه‌ی: **شكۆفه‌ی پارتی سۆسیالدیموكراتی كرێكاریی سوێد** (SAP)

له ڕووی ئایدیۆلۆژییه‌وه له یه‌ك جیاكردنه‌وه‌ی لایه‌نه‌كان
Fragmentarisering

گرفتێكی دیكه له‌و توێژینه‌وانه‌دا تا ئێستا كراون ئه‌وه‌یه كه تا ئێستا توێژینه‌وه‌كان هه‌ر سه‌باره‌ت به ناو سنووری ڕێكخراوه‌كان بوون. توێژینه‌وه‌ی سه‌ندیكایی بووه به توێژینه‌وه‌یه‌كی مه‌یدانیی، توێژینه‌وه‌ی پارتی شتێكی دیكه. هه‌روه‌ها سنووردانانی تا ڕاده‌یه‌ك گۆتره‌ییش له نێوان بابه‌ته ئه‌كادیمیكیه‌كاندا بووه به مایه‌ی له‌یه‌كترازاندنێك له نێوان زانیاری سه‌باره‌ت به شێوه‌كانی میتۆددا. زۆر له وه‌ڵامه‌كانی ئه‌وسا سه‌باره‌ت به شكۆفه‌ی سۆسیالدیموكراتیی له ڕووانگه‌ی مێژووی بیره‌وه دراوه. تینگستن Tingsten له نووسراوه‌كانیدا مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه شكۆفه‌كردنه‌كه پێوه‌ندی به‌وه‌وه هه‌بووه كه سۆسیالدیموكراتیی وازی له نه‌ریتێكی كۆنبووی ماركسیستیی هێناوه. به‌ڵام له‌ڤین Lewin، بێ له كینێس Keynes [ John Maynard Keynes ] ماركسیزم به یه‌كێك له ڕیشه‌كانی سه‌ركه‌وتنی سیاسه‌تی قه‌یران داده‌نێت. و هه‌بوونی گرینگیی ڤیگفۆرس Wigforss ـ یش كه بتوانێت هه‌موو ئه‌م ڕووانگه جیاوازانه پێكه‌وه بسازێنێت. پاشان كۆمه‌ڵێك كۆمه‌كی دیكه به‌م گوتۆبێژه له‌سه‌ر پێشینه‌ی بیری سیاسه‌تی ئابووری ساڵانی ١٩٣٠ ـكان كرا. زۆری نه‌برد هه‌ڵسه‌نگاندێك خه‌ملّا، كه ئه‌و سیاسه‌ته نه به تایبه‌تی نوێ بوو و نه كاریگه‌ریگه‌لیی تایبه‌تیشی له‌سه‌ر باری ئابووری ساڵانی ١٩٣٠ ـكاندا هه‌بووه.
وه‌ك كاردانه‌وه‌یه‌ك دژ به‌م باسه‌ی باڵزاڵیی (باڵاده‌ستیی/ دۆمینانس) مێژووی بیر توێژینه‌وه‌یه‌كی گه‌رموگوڕی ژیانی كار په‌یدا بووه. توێژینه‌وه‌یه‌ك كه زوو كرا ئه‌وه‌ی نیلس ئونگا بوو Nils Unga بوو سه‌باره‌ت به هێزی هاندان و وه‌گه‌ڕخستنی سه‌ندیكایی له پشت هه‌بوونی ئه‌و سیاسه‌تی قه‌یرانه‌وه كه سۆسیالدیموكراتیی هه‌یبوو. كۆمه‌ڵێك خوێندنی دیكه باس له په‌یدابوون و هه‌بوونی ستراتیژگه‌لی سه‌ندیكایی له ناو گروپی كاری جودادا ده‌كه‌ن. واڵته‌ر كۆرپی Walter Korp هه‌ر له ساڵانی ١٩٦٠ ـكاندا توێژینه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌ی له‌سه‌ر سه‌ندیكا و كۆمه‌ڵیی كرێكاریی كرد، و لێره‌وه ئه‌و تێزه‌ی سه‌باره‌ت به سازشه مێژووییه‌كه فۆرموله كرد. كۆرپی مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه ڕێككه‌وتنێك له نێوان بزووتنه‌وه‌ی كرێكاریی و كه‌رتی بازرگانیی و كاروكاسبیدا كرا؛ [و به‌وشێوه‌یه] ده‌سته‌ڵات له‌سه‌ر ده‌وڵه‌ت له ده‌سته‌ڵات له‌سه‌ر ئابووریی جیا كرایه‌وه. ئه‌و تێزه‌ی كۆرپی بووه به گرینگترین وه‌ڵامی پرسیاری چۆنیه‌تی شكۆفه‌ی سۆسیالدیموكراتیی. كۆرپی شكۆفه‌كردنه‌كه ده‌خاته دواییه‌وه، ده‌یخاته كۆتایی ساڵانی ١٩٣٠ و پاشان ڕێككه‌وتننامه‌ی ساڵتشوێ Saltsjöbadsavtalet بادت ده‌خاته ناوه‌نده‌وه.
ته‌نانه‌ت له توێژینه‌وه‌ی ساڵانی ١٩٨٠ ـكاندا له‌سه‌ر ژیانی كار باس له ئه‌زموونه‌كانی سه‌ندیكا وه‌ك هێزی وه‌گه‌ڕخستنی گرینگ له پشت "مۆدێلی سوێدیی" ـه‌وه ده‌كردرێت.

لێكدانه‌وه‌كه‌ی توربۆرن
له ناو ئه‌و خوێندنه كه‌مانه‌دا كه هه‌ن، كه شكۆفه‌ی پارتی سۆسیالدیموكراتیی به خاڵی ده‌ستپێك داده‌نێن، به‌تایبه‌تی ئه‌وه هه‌ڵده‌بژێرم كه یۆران توربۆرن Therborn Göran نووسیوویه‌تی. به یارمه‌تی ئه‌و كاره‌ی توربۆرن ده‌توانین له‌سه‌ر گرفتگیریی دكتۆرانامه‌كه نێزیك ببینه‌وه .توربۆرن یه‌كێكه له توێژه‌ره‌وه سه‌ركاروانه‌كان له گوتوبێژی سه‌باره‌ت به گه‌شه‌ی كۆمه‌ڵگای مۆدێرنی سوید. له كۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ و سه‌ره‌تای ١٩٨٠ مكاندا توربۆرن سه‌رپه‌رشتیی پرۆژه‌یه‌كی گه‌وره‌ی ده‌كرد: "سوێد له سه‌رده‌می سۆسیالدیموكراتییدا ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٧٦". له كۆتایی پرۆژه‌كه‌دا (ساڵی ١٩٨٤) توربۆرن دارشتنێكی نووسیی به ناوی "سۆسیالدیموكراتیی وه‌ده‌ر ده‌كه‌وێت" كه تیایدا شكۆفه و سه‌رهه‌ڵدانی سۆسیالدیموكراتیی به ئه‌ركێكی گرینگی توێژینه‌وه داده‌نێت.

Keynes
Wigforss

[1] ناوی كتێبه‌كه له ڕاستیدا ده‌بێت به "له هه‌ڵبژارده‌ی قه‌زاخ بوونه‌وه به‌ره‌و سازان". قه‌زاخه‌كان ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ن له ڕووسیا كه به جه‌نگ و به سه‌ربازیی كردن به ناوبانگن. من به پێویستم زانی ئه‌و ناوه به‌م شێوه‌یه بگۆڕم كه پێم وایه باشتریشه و ماناكه‌یشی ناگۆڕێت. "له سه‌نگه‌رگیریه‌وه به‌ره‌و سازان"
Från kosackval till kohandel, SAP:s väg till makten, Bengt Schiillerqxist. Kristinastads Boktryckeri AB, Kristinastad 1992. Kapitel 1. Socialdemokraternas politiska genombrott som forskningsproblem ١٥ لاپه‌ڕه

Nils Unga
Walter Korpi
Saltsjöbadsavtalet
Therborn Göran
Bondeförbondet
SAp
Kerugerkoncernen

لە سوێدیەوە بۆ کوردی
ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٨/٦/٢٩

درێژەی هەیە

ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی قەیران krisuppgörelsen" ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە لە ١٩٣٣/٤/٧ دا وەزیری ئابووریی پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێد، ئێرنست ڤیگفۆرس Ernst Wigforss و سێ کەسایەتی سەر بە کۆمەڵەی جووتیاران لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە کۆتایی بە نەیاریی بهێنن و بکەنە قۆناخی ڕێککەوتن و هاوکارییەوە. تاگە ئیرلاندەر Tage Erlander لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنووسێت "ئەو کاتە تێگەیشتین کە بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان کرێکاران و جووتیاراندا هەیە... سەدان هەزار جووتیار هەن بۆیان دەرکەوت کە پێوەندیەك هەیە لە نێوان خراپی داهاتی ئەوان و کەمهێزیی کڕینی بێکاراندا".